# بووكى زاواى هاندەرانى

عومەر كەريم بەرزنجى

ئەگەر ويستت لە يادم كەى
لە بير خۆتم بەريتەوە..
هەرچى يادگارى هەيە
لە ناختا بيسڕيتەوە.
وەرەو سنگم شەقار بكەو
وێنەكەى خۆت دەربهێنە.
بەخوێنى من...
تابلۆى كۆچت بنەخشێنە.

* * *

دواى دابڕان
دواى ژوانى, پڕبەڵێن و
رامووسان و لەيەك ئاڵان
كۆشكى بەختەوەرى عەشقت
گۆڕييەوە بەسەفەرێ.
خەرمانى عەشقت سووتاندو
فرۆشتت بەشەوى سوورى
ڤێلاو..باڕێكى, هاندەران.

* * *

كەچاو بەئەلبوومى سەوزى
يادگارييەكانتا... دەگێڕم
بەديار وێنەكانتەوە...
سەرمەستانە ڕادەمێنم.

* * *

ئەم بەهارە...
بۆ دڵى من خەزانێ بوو.

**بەم سەفەرت...**

**پەڕەی گوڵی خەونەکانت**

**هەڵوەراندم.**

**خەونی سەوزی دڵدارانەت**

**لێ زڕاندم.**

2003/3/11